# Tasa-arvoisena Suomessa

Tietoa maahanmuuttajanaiselle ja -miehelle
(KURDI)

# یەکسانی لە فنلاندا

## زانیاری بۆ ژنان و پیاوانی کۆچبەر

## پێشەکی

جێگاو ڕێگای ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا لە کەلتوورە جیاوازەکاندا بە شێوەی جۆراوجۆر دەست نیشان دەکرێت. هەروەها لە سەرتاسەری جیهاندا لەسەر خێزانیش تێگەیشتنی جۆراوجۆر هەیە. لەم نووسراوەیەدا باسی جێگاوڕێگای ژنان و پیاوان دەکەین لە فنلاندا و ئەو وێنەیەیش نیشان دەدەین کە چۆن فنلاندیەکان لە یەکسانی تێدەگەن.

نووسراوەکە بۆ کۆچبەرانی ژن و پیاو و خێزانەکانیان کە هاتوون بۆ فنلاندا نووسراوە. لێرەدا زانیاری سەرەکی لەسەر ژیانی خێزان، پەروەردەی منداڵ، خوێندن و ژیانی کار کۆکراوەتەوە. مەبەست لەم نووسراوەیە یارمەتی دانیانە بۆ تێگەیشتن لە داب و نەریتی فنلاندی.

هەموو کەس لە فنلاندا ماڤ ئەوەی هەیە کە بە شێوەیەکی یەکسان مامەڵەی لەگەل بکرێت. نابێ بەهیچ شێوەیەك بۆ نموونە بەپێی جنس، بنەچە یان ئایین جیاواز تەماشا بکرێ. جیاوازی یان هەڵاواردن لە یاسای فنلاندا قەدەغەکراوە هەروەها لە چەندین ڕێکەوتنامە نیونەتەوەیی‌دا کە فنلەندا پێوە پەیوەسە. بۆ ژنان و پیاوان مافەکان و ئەرکەکان و دەرفەتەکان وەك یەکە. مامەڵەی یەکسان لەگەل کۆچبەران وەك فنلاندیەکان بناغەیەکە کە بەرێوە دەبرێت.

لە بنکەی شارەوانی شوێنی نیشتەجێی خۆت دەتوانیت لەسەر بابەتەکانی ئەم نووسراوەیە زانیاری زیاتر بەدەست بهێنێت. ئەگەر زمانەکەت ئەوەندە باش نی‌یە کە لەگەل کاربەدەستان قسەی پێ بکەیت، دەتوانیت داوا لە کاربەدەستەکە بکەیت کە دەرفەتی بەکارهێنانی موتەرجیمت بداتێ. ئەگەر بۆت ڕەخسا ئەوا هەمیشە موتەرجیمی پیشەیی بگرە.

لەکار بەدەستەکە بپرسە بۆ بەکارهێنانی موتەرجیم، یان بۆ خزمەتگوزاری موتەرجیم بە خۆڕایی.

### ڕاوێژگای جیاواز بۆ کۆچبەران

لە زۆر شارەوانی‌دا شوێنی تایبەتی ڕاوێژگای کۆچبەران و کارگێرانی پسپۆڕ بۆ خزمەتگوزاری کۆچبەران هەیە کە یارمەتی دەدەن بۆ گیروگرفتی ڕۆژانەیان وەیان پێیان دەڵێن کە لەکوێ دەتوانن یارمەتی وەرگرن.

Tasa-arvoisena Suomessa – Tietoa maahanmuuttajanaiselle ja -miehelle

ئەم نووسراوەیە و وەرگێڕدراوەکەیشی لەسەر ماڵپەڕی ئینتەرنێتی: **www.mol.fi/migration** دەبینرێت

نووسین: ڤیرڤێ ڕایتینن Virve Raittinen

وێنەکان: هانا–کایسا هەمەلاینن Hanna-Kaisa Hämäläinen

گروهی کار:

Reet Nurmi/ STAKES, Elina Sana/ TANE, Batulo Essak/ETNO,
دائیرەی نوێنەرایەتی کەمایەتی Pirjo Takalo/

وەزارەتی کار , Mai Salmenkangas/وەزارەتی کار Tarja Rantala/

نەخشەی گرافیك وچاپ: Edita Prima Oy

دانی مەسرەڤ نووسراوەکە: وەزارەتی کار، دائیرەی نوێنەرایەتی کەمایەتی، کۆمیتەی ڕاوێژی یەکسانی

هیلسینکی ٢٠٠٢ TME7.907 ku

# ژیانی خێزانی

لە فنلاندا خێزانەکان بچکۆلەن، چونکە بە دەگمەن خزم و کەس وکار لەگەل دایك و باوك و منداڵەکان لە هەمان خانودا دەژین. خێزانیش پێك هاتوە بۆ نموونە لە ژن و پیاویك کە پێکەوە زەواجیان کردوە یان نەیان کردوە، ژن و مێردەکە و منداڵەکانیان یان یەکیك لە دایکەکە یان باوکەکە لەگەل منداڵەکانیدا. لە زۆر خێزاندا ژن ومێردەکە (هاوسەرەکان) لەگەل منداڵەکانیان کە هی هەردووکیانە هەروەها منداڵی تریش هی هەردووکیان یان هی یەکێکیانە کە لە زواجی پێشوویەتی دەبنە خێزانێك و پێکەوە دەژین.
مەبەست لەهاوسەرەکان ئەو دوو کەسەیە کە بە زەواج یان بەبێ زەواج پێکەوە دەژین. هەروەها دوو کەس کە لە هەمان جنس بن وپەیوەندی یان هەبێت دەتوانن لە فنلاندا پەیوەندی‌یەکەیان تۆمار بکەن. لە فنلەندا دایك وباوك بریاری ئەوە نادەن کە منداڵەکەیان لەگەل کێ زەواج دەکات. ژنان یان پیاوان دەتوانن بە ئازادی هاوسەری ژیانی خۆیان هەڵبژێرن.

## زەواج

زەواج لە فنلەندا یان بە رێ و رەسمی کلێسایی دەکرێ یان بە مەدەنی بۆ نموونە لە دائیرەی نفوس دەکرێ. پێش تۆمار کردنی زەواجەکە لێکۆڵینەوە دەکرێت کە ئایا هیچ بەرگرییەك بۆ زەواجەکە هەیە. بە پێی یاسای فنلاندا کەسێك ناتوانێ زەواج بکات ئەگەر زەواجی لەگەل کەسێکی تردا کردبێت. هەروەها کەسانی تەمەن خوار هەژدە ساڵ و خزم وکەسی نزیك ناکرێت زەواج بکەن. ئەو بەرگریانەی کە بۆ زەواج هەیە ئەگەر لانی کەم یەکێکیان رەگەزنامەی فنلاندی هەبێ یان لە فنلاندا بژی بە گوێرەی یاسای فنلاندا رەچاو دەکرێت.

ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ لە فنلاندا زەواج بکەن دەبێ لە پێشدا داوای ئەو بەلگەیە بکەن کە هیچ رێگرییەك نی‌یە بۆ زەواج کردنیان. بەلگەکە لە دائیرەی نفوس دەکرێت وە یان لە کەنیسە بەڵام دەبێ دوو کەسەکە یان یەکێکیان ئەندام بن.

## نازناو

پێش مارەیی کردنەکە هەردوو هاوسەرەکە لەسەر نازناوەکەیان بریار دەدەن. بەپێی یاسای فنلاندا ئەوان دەتوانن ناوەکانی هەردوو لای خۆیان بهێلنەوە یان نازناوی یەکیکیان هەڵبژێرن و بیکەنە نازناوی هاوبەشیان.

## مافەکان وئەرکەکان لە زەواج دا

بەپێی یاسای فنلاندا هەردوو هاوسەرەکە وەك یەك هەمان ماف و ئەرکیان هەیە. ئەرکەکانی بەرێوەبردنی خێزان، وەك کارکردن و کاری ناو ماڵ، بەشێوەی یەکسان دابەش دەکرێن.
هەردوو هاوسەرەکە دەتوانن لە رێگەی کارکردنەوە بەشداری لە بەخێوکردنی خێزانەکە بکەن. ئەگەر هاوسەرێکیان لەسەر کار نەبوو ئەوا بەشێك لە کاری سەرپەرشتی خێزان لە رێگەی کاری ناوماڵەوە دەگرێتە ئەستۆ. ئەگەر یەکێکیان لەسەر کار بێ ویان داهاتی زیاتر بێت، دەبێت بۆ کرینی شت ومەکی ناو ماڵ و پێویستی‌یەکانی ئاسایی خۆیان پارە بە هاوسەرەکەی بدات. ئەگەر ئەو کەسەی کە زیاتر وەردەگرێت بەمە رازی نەبێت، ئەوا دەتوانرێت لە کاتی پێویستدا ناچار بکرێت کە نەفقە بەوی تریان بدات. لە یاسای فنلاندا ماف وەرگرتنی نەفقە واتە پارەی یارمەتی هەیە، کە ئەندازەکەی لەرێگەی رێکەوتنەوە یان لە رێگەی بریاری دادگاوە دادەنرێت.

هەلبژاردنی نازناو کار دەکاتە سەر نازناوی منداڵەکەش.

**بەدیلی ١**

هاوسەرەکان نازناوێکی هاوبەش هەڵدەبژێرن کە هی پیاوەکەیە یان هی ژنەکەیە. ئەو هاوسەرەی کە نازناوەکەی دەگۆرێ، دەتوانێ ناوی پێکەوە گرێدراوی هەبێت و بەشوێن یەکدا ناوە کۆنەکە و تازەکەی دەنووسرێت.

← لەم حاڵەتەدا منداڵەکانیان نازناوی دایك و باوکیان وەردەگرن.

**بەدیلی ٢**

هەر یەکەیان نازناوی خۆی دەهێڵێتەوە

← لەم حاڵەتەدا دایك وباوك دەتوانن بریار بدەن کە ئایامنداڵەکانیان نازناوی دایك یان باوکیان وەرگرن. دەبێ هەموو خوشك وبراکان هەر هەمان نازناویان هەبێت.

لە ساڵی ٢٠٠٠ دا نزیك بە ٢٨٠٠ فنلاندی زەواجی لەگەل كۆچبەراندا كردوە. پیاوەكان زۆرتر لەگەل رووسی، ئیستۆنی و تایلاندی زەواجیان كردوە. ژنەكانیش زۆرتر لەگەل ئەمریكی، بریتانی و سویدی زەواجیان كردوە.

## كاریگەری زەواج لەسەر دارایی وسامان

هاوسەرەكان خۆیان بڕیار لەسەر دارایی و سامانەكانیان دەدەن. بە پێی یاسای فنلاندا هەردوو هاوسەرەكە خاوەنی ئەو دارایی و سامانەن كە لەكاتی زەواجیاندا هەیانبووە یان هەر لەو كاتەدا بەدەستیان هێناوە. هیچ هاوسەرێك بەبێ رەزامەندی هاوسەرەكەی دیكەی ناتوانێ بۆ نموونە خانووی هاوبەش، شت وەكی ناوماڵ یان شت وەكی منداڵەكانیان بفرۆشێ یان بیفەوتێنێ.

ئەگەر یەكیك لە هاوسەرەكان بەتەنیا قەرزێك بكات، ئەوا ئەو خۆی بەتەنیا بەرپرسیشە لە دانەوەی. ئەگەر پێكەوە قەرزیان كردبێت هەروەها بۆ نەفەقەی هاوسەری خیزانێكی تر قەرزیان كردبێت ئەو كات هەردوو هاوسەرەكە لە دانەوەی ئەو قەرزە بەرپرسن.

لە پەیوەند بە دارایی وسامانی دوو هاوسەرەوە بە شێوەی ئاسایی بەپێی یاسای ئەو وولاتە چاوی لێ دەكرێت كە ئەو دوو كەسە لە كاتی بەستنی پەیمانی زەواجەكەیاندا لێی دەژین. ئەگەر ئەم دوو هاوسەرە دواتر شوێنی نیشتەجێ بوونیان كەوتە وولاتێكی ترەوە، ئەوا بەپێی یاسای ئەو وولاتە چاوی لێ دەكرێت. بەڵام بە هەرحاڵ یاسای وولاتی

تازە کاتێك دەتوانیٚ بەسەر ئەو دارایی‌یەدا بڕوانێت کە دوو هاوسەرەکە لانی کەم پێنج ساڵ لەویٚ ژیابێتن.

ئەگەر دوو هاوسەرەکە هاتنە فنلاند و بەشێوەی هەمیشەیی تێیدا نیشتەجیٚ بن، ئەوا کاریگەری زەواجیان لەسەر دارایی‌یەکانیان بەپێی یاسای فنلاندا چاوی لیٚ دەکرێت. ئەگەر دوو هاوسەرەکە سەرەتا لە وولاتی تر ژیابێتن و دواتر بۆ فنلاندا کۆچ بکەن، یاسای فنلاند دوای تێپەڕبوونی پێنج ساڵ بەسەر نیشتەجیٚ بوونیان بەسەردا زاڵ دەبێت. پێش ئەو ماوەیە کاروبارەکانی دوو هاوسەرەکە بەگوێرەی یاسای شوێنی نیشتەجیٚ بوونی پێشوویان جیٚ بەجیٚ دەکرێت. ئەگەر کەسەکان ئەو فنلاندی‌یانە بن کە لە وولاتانی یەکیتی سۆڤیەتی پێشووەوە دەگەڕێنەوە بۆ ئێرە، ئەوا یاسای فنلاندا دەست بەجیٚ بەسەریاندا زاڵ دەبێت دوای ئەوەی کە ڕەزامەندی ئیقامەی هەمیشەییان بۆ دەردەچێت.

دوو هاوسەرەکە دەتوانن بە ڕێکەوتن نامەیەکی نووسراو ئەوە دیاری بکەن کە دارایی و سامانەکەیان بەگوێرەی یاسای وولاتی خۆیان یان بەگوێرەی یاسای شوێنی نیشتەجێی پێشوویان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. هەروەها دوو هاوسەرەکە دەشتوانن بۆ نموونە لەسەر ئەوە ڕێك بکەون کە دارایی وسامانەکەیان بەگوێرەی یاسای فنلاندا پێش تەواو کردنی پێنج ساڵ بەسەر نیشتەجیٚ بوونیان لە فنلاندا مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. لە بەستنی ڕێکەوتندا باشتر وایە داوای یارمەتی لە دائیرەی یارمەتی دانی یاسایی، پارێزەر یان هەر بنکەیەکی پارێزەران بکەیت.

## مافی میرات

لە فنلاندا ژنان و پیاوان وەك یەك میرات وەردەگرن. منداڵان و نەوەکانی دوای خۆیان مافی ئەوەیان هەیە کە دارایی و موڵکی دایك وباوکیان لە دوای مردنیانەوە بەمیرات وەرگرن. ئەگەر هاوسەرێك بمرێت و هیچ منداڵ و کەسی پاش خۆی نەبیٚ، ئەوا هاوسەرەکەی کە هێشتا زیندووە تەواوی دارایی هاوسەرە مردوەکەی بەمیرات بۆ دەمێنێتەوە.

ئەگەر هاوسەرەکە لە وەسیەت نامەدا کەسێکی دیاری کردبێت ئەوا ئەم یاسایە جیٚ بەجیٚ ناکرێت. بەنووسینی وەسیەت نامە کەسەکان دیاری دەکەن کە لە دوای مردنیانەوە دارایی‌یەکانیان چۆن دابەش بکرێت.

بەگشتی کۆچبەر لە فنلاندا وەك فنلاندیەکان هەمان مافی وەرگرتنی میراتی هەیە. بۆ دابەش کردنی میرات لە پێشدا بەگوێرەی یاسای ئەو وولاتە دەکرێت کە کەسەکەی میراتەکەی بەجیٚ هێشتوە لێی نیشتەجیٚ بوو. هەروەها ئەو یاسایانەی کە بەسەر میراتدا دەروانن دەتوانرێت لە وەسیەت نامەدا دیاری بکرێن.

سەبارەت بە دابەش کردنی میرات و نووسینی وەسیەتنامە دەتوانیت لە **دائیرە گشتی‌یەکانی یارمەتی‌دەری یاسایی و پارێزەران** یارمەتی وەرگریت.

## پێکەوە ژیان بەبیٚ زەواج

مەبەست لەم شێوەیە ئەو پەیوەندی‌یەیە کە هاوسەرەکان پێکەوە دەژین بەڵام زەواجیان لەگەڵ یەکتردا نەکردوە. پێکەوە ژیان بەبیٚ زەواج لە فنلاندا شێوەیەکی باوی خێزان پێك هێنانە. لە زۆر باردا ئەم پەیوەندی‌یە وەك پەیوەندی زەواج تەماشا دەکرێت. بۆ نموونە لەپەیوەند بە هەندێك بڕیار کە پەیوەندی بە بیمە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە هەیە. بەگوێرەی یاسای فنلاندا پێکەوە ژیان بەبیٚ زەواج لەگەڵ زەواجدا جیاوازی هەیە بۆ نموونە لەم بابەتانەی خوارەوەدا:

- منداڵی ئەو هاوسەرانەی کە لەگەڵ یەکدا زەواجیان نەکردوە بەشێوەی ئۆتۆماتیك هەمان مافیان پیٚ نادرێت وەك منداڵی هاوسەری زەواج کردوو، بەڵکوو مافەکانیان دوای دەست نیشان کردنی باوکیان دەسەلمێندرێت. (تەماشای لاپەرەی ٧ بکە)

**پەیوەندی بیٚ زەواج و ئیقامەت**

دەکرێت پەیوەندی بیٚ زەواج هۆیەك بێت بۆ وەرگرتنی ئیقامەت، ئەگەر ئەو کەسەی لە فنلاندا دەژی لەگەڵ هاوسەرەکەی لانی کەم دوو ساڵ پێکەوە ژیابێتن یان منداڵیان لەیەکتر هەبێت. بەڵام ئیقامەت بەو هاوسەرە نادرێت ئەگەر هەر کامیان لەگەڵ کەسی تردا زەواجیان کردبێت.

لە فنلاندا باوکەکان دەتوانن لە دوای لەدایك بوونی منداڵەکانیان بۆ ماوە ١-٣ هەفتە روخسەتی باوکایەتی وەرگرن وە لەلایان بمێننەوە بۆ سەرپەرشت کردنی منداڵەکەیان. زیاتر لە سەدا شەستی باوکان کەلك لەم مافە وەردەگرن و روخسەتی باوکایەتی وەردەگرن.

- ئەگەر هاوسەرە زواج نەکردوەکان لەیەك جیا ببنەوە، ئەوا هەر یەکەیان شت وەکی خۆی لەگەڵ خۆی دەبات مەگەر رێکەوتنامەی تایبەتییان لەنێواندا بێت.
- هاوسەرە زەواج نەکردوەکان، ئەگەر وەسیەتنامەی نووسراویان لەنێواندا نەبێت، میراتی یەکتریان پێ نابڕێت.

گرنگە لە پەیوەندی بێ زەواجەدا رێکەوتن بکرێت لەسەر ئەوەی کە چۆن دارایی وسامانی هاوبەشیان لە دوای جیابوونەوە یان دوای مردنی یەکیکیان دابەش بکرێت. رێکەوتن نامە سەبارەت بە دارایی دەبێ لە سەر کاغەز بنووسرێ.

## خەتەنەکردنی کچان قەدەغەیە

بڕینی ئەندامی جنسی کچ و ژن لە فنلاندا بەگوێرەی یاسا کارێکی دژی یاساییە و لەسەری سزا دەدرێت. کە لەوانەیە چەندین ساڵ زیندانی بێت. خەتەنە کردنی کوڕان لە فنلاندا قەدەغە نییە. بەڵام ئەوەشمان لەبیر بێت کە خەتەنەکردنی کوڕ لەژێر پرسیاردا دەبێ ئەگەر بەدژی ویست و ئیرادەی خۆی بێ کاتێك کوڕەکە ئەوەندە گەورە بێت کە رازی بوونی خۆی دەبێ لەبەرچاو بگیرێ. لە فنلاندا منداڵانی قوتابخانە وا چاویان لێ دەکرێت کە ئەوەندە گەشەیان کردوە کە دەبێ ئیرادەی ئەوانیش لەبەرچاو بگیرێ.

لەبەر ئەوەی کە بەهۆی ئاینییەوە خەتەنەی کوڕان کراوە وە لە راستیدا بەهۆی تەندروستی و نەخۆشییەوە نییە، هەر بۆیە ئەم خەتەنانە لە هەموو شوێنێك و لە هەموو بنکەیەکی تەندروستی گشتی ناکرێت. خەتەنە دەبێ بەمەرجێك بکرێت کە لەو شوێنەدا کارشناسی پزشکی و پاك وخاوینی و دەرمانی خاوکردنەوەی ئازاری تیدا دابین بکرێت.

# منداڵان

ئامانجی سیاسەتی خێزانی فنلاندی دەبێ ژینگەیەکی سەلامەت و بەخێوکەر بۆ منداڵ دابین بکرێت هەروەها دەرفەتی مادی و دەروونی بۆ دایک وباوک بڕەخسێنرێت کە منداڵیان ببێت و پەروەردەی بکەن. لە حاڵی حازدا پێ لەسەر ئەوە دادەگیرێ کە دەبێ دایک و باوک لە بەخێوکردنی منداڵدا مافی یەکسانیان هەبێ. دابەش کردنی لێپرسراوییەتی ژیانی کار و باری خێزان بۆ گونجاندنی هاوبەش ئاسان دەکاتەوە، هەروەها ژیانی پیاوانیش دەولەمەند دەکات.

بەپێی یاسای فنلاندا دەبێ مامەڵەی یەکسان لەگەڵ منداڵدا بکرێت. لێدانی منداڵ وەیان ئەزیەت و ئازاردانی فیزیکی لە یاسادا قەدەغەیە. منداڵانێك کە لە وولاتانی ترەوە هاتوون بۆ فنلاندا هەمان مافی منداڵانی فنلاندیان هەیە. کوڕ وکچ لە فنلاندا مافی یەکسانیان هەیە.

## نەخشەدانان بۆ خێزان

دروست کردنی منداڵ بڕیاری هاوبەشی ژن و پیاوە و مەبەست لێی رەخساندنی باری ژیانێکی گونجاوە بۆ هەردووکیان. یارمەتی بۆ نەخشەدانانی خێزان و بەرگری لە منداڵ بوون بەخۆڕایی پێشکەش بە پیاوان و ژنان دەکرێت لەلایەن **بنکەی تەندروستییەکان** و **شوێنی راوێژی خیزان و بەرگری لە مندال بوونەوە**. ئامرازەکانی بەرگریکردن لە منداڵ بوون لە فنلاندا دەتوانیت بۆ نموونە لە فرۆشگاکان و دەرمان خانەکاندا بیکڕیت.

باشتر وایە ژنان بەردەوام ولەکاتی دیاریکراودا هات وچۆی **لای دوکتۆری نەخۆشی ژنان** بکەن. لە هەمان کاتدا دەرفەتی ئەوە هەیە ئەگەر پێویست بکات و بتهەوێ قسەوباس لەسەر شێوە جۆراوجۆرەکانی بەرگری لە منداڵ بوون بکرێت. خزمەتگوزاری پشکنینی ژنانە لە بنکە تەندروستییەکان لە خزمەتگوزاری دوکتۆری تایبەتی هەرزانترە. ژنان دەتوانن داوای چوون بۆلای دوکتۆری ژنانە بکەن. بۆ نیشان دانی دووگیان بوون دەکرێت پشکنین لە بنکەی تەندروستی بکرێت بە ئەنجام دانی پشکنینی تایبەت یان بۆ خۆت دەتوانیت لە دەرمان خانە فەحسی دووگیانی بکڕیت.

**منداڵ لە باربردن**

منداڵ لە باربردن لە فنلاندا دەکرێت کاتێك، کە منداڵ بوون مەترسی گیانی بۆ ژنەکە پێك بهێنێت یان دووگیان بوون و منداڵ بوون بۆ ژیانی ژنەکە زۆر قورس بێت. ژنانێك کە تەمەنیان لە خوار ١٧ ساڵانەوە یان سەروو ٤٠ ساڵ بێت هەر کاتێك بخوازن دەتوانن منداڵەکەیان لەبار بەرن. تەنیا کاتێك دەتوانرێت منداڵ لەبار ببرێت کە ژنەکە داوا بکات. لە بەر هۆی کۆمەڵایەتی، لەباربردنی منداڵ دەبێ لە ١٢ هەفتەی یەکەمی دووگیانیدا بکرێت. لە کاتی بیرکردنەوە بۆ لەباربردنی منداڵ دەبێ هەرچی زووتر پەیوەندی بە دوکتۆرەوە بکریت.

## منداڵ بوون

زۆر گرنگە کە دایکانی دوو گیان لە **راوێژگای دایکان** یان لەلای دوکتۆر پێش تەواو کردنی چوارمانگی سەرەتای دووگیانییەکەیان بەردەوام تەندروستی خۆیان بپشکنن. تەنیا ئەو دایکانە مافی وەرگرتنی دیاری دایکانەیان هەیە کە لەکاتی گونجاودا فەحس کراون. هەروەها بۆ وەرگرتنی پارەی دایکانەش بە مەرجێکە کە راوێژگا یان دوکتۆر لەسەر درێژەی دووگیانییەکە بەلگەی دابێ. (تەماشای لاپەرە ٨ بکە).

لە سەردانە بەردەوامەکانی دایکەکەدا لە راوێژگا تەندروستی، دایکەکە و منداڵەکە لەماوەی دوو گیانیدا دەپشکندرێت. چوون بۆ راوێژکا بەخۆڕایییە. باوکانیش دەتوانن بەشداری سەردانەکانی راوێژگا بکەن. زانیاری سەبارەت بە منداڵ بوون و خۆ ئامادەکردن لە راوێژکاوە بۆ دایك و باوك لە شێوەی کۆرسدا باس دەکرێت کە لەلایەن بنکەی تەندروستییەکانەوە رێك دەخرێت.

لە فنلاندا لە نەخۆشخانەی منداڵ بوون منداڵ لە دایك دەبێت. باوکانیش بۆیان هەیە کە لەکاتی منداڵ بووندا لەگەڵ بن، وە زۆرێك لە فنلاندیەکان دەیانەوێ بە بوونیان لەگەڵ ژنەکانیاندا بەشداری و پشتیوانی لە منداڵ بوون بکەن.

**باوکی منداڵ**

منداڵ مافی خۆیەتی کە لە سەرپەرشتی و پارێزگاری مادی و گیانی هەردوو دایك و باوکی بەهرەمەند بێ. بۆ پاراستنی مافی منداڵەکە گرنگە بزانرێ کە باوکی کێیە. بە گوێرەی یاسای فنلاندا ئەو کەسەی مێردی ژنەکەیە لە زواجدا دەبێتە باوکی منداڵەکەش. ئەگەر منداڵێك لە دەرەوەی چوارچێوەی زەواج لە دایك ببێ، ئەوا **چاودێرانی منداڵانی شوێنی نیشتەجێ** باوکی منداڵەکە روون دەکەنەوە واتە مەعلومی دەکەن، ئەگەر دایکەکە نارازی نەبێت. هەروەها منداڵی

هاوبەشی دوو کەس کە پەیوەندی بێ زەواجیان هەبێ، دەبێ باوك بوونی پیاوەکە لەلای چاودێرانی منداڵان معلوم بکرێت. کاتێك باوکی منداڵەکە روون کرایەوە، منداڵەکە وەك منداڵی خێزان زەواج کردوو لە هەموو مافەکانی بەهرەمەند دەبێت.

**رەگەزنامەی منداڵ**

منداڵ هەر لە دایك بوونییەوە رەگەزنامەی فنلاندی پێ دەدرێت ئەگەر:

- دایکی منداڵەکە لە کاتی منداڵ بوونەکەیدا رەگەزنامەی فنلاندی هەبێت
- باوکی منداڵەکە رەگەزنامەی فنلاندی هەبێ وزەواجی کردبێت لەگەڵ دایکی منداڵەکە کە بێگانەیە
- باوکی منداڵەکە مردووە، بەڵام لەکاتی مردنیدا رەگەزنامەی فنلاندی هەبووە، وە لە حاڵی زەواجیش دا بووە لەگەڵ دایکی منداڵەکە
- منداڵەکە لە فنلاندا لە دایك دەبێت، لە کاتی لەدایك بوونەکەیدا رەگەزنامەی هیچ وولاتێکی پێ نەدرێ

## پەروەردەی منداڵ و سەرپەرشت کردنی

بەپێی ئەزمون دەرکەوتووە کە دوو زمان و دوو کەلتوور بۆ منداڵی کۆچبەر سامان وهێزە بۆ ئایندەی. دایکان و باوکان دەتوانن لە رێگەی قسە کردنی بەردەوامیان لەگەڵ منداڵەکەیان بەزمانی دایکی خۆیان وە ئاشناکردنی بە کەلتووری خۆیان ئەم لایەنە بەهێز بکەن. لە دەرەوەی ماڵەوە واتە لە باخچەی منداڵان و قوتابخانەدا منداڵ فێری زمان وکەلتووری فنلاندی دەبێت.

**چاودیری تەندروستی منداڵ**

کۆمەڵگا لەگەڵ دایکان وباوکان پێکەوە ئاگاداری چاودیری تەندروستی منداڵ دەبن. هەر لە دوای لەدایك بوونی منداڵەکەوە تا تەمەنی حەوت ساڵەیی تەندروستی وسەلامەتی منداڵەکە ودایکی لە راوێژگای منداڵان چاودێری دەکرێت، کە لەوێدا تەندروستی منداڵ بە بەردەوامی چاودێری دەکرێت. لە راوێژگادا هەروەها کوتانی پێویستیش لە منداڵ دەدرێت وزانیاری پێویستیش سەبارەت بە چاودێری، پەروەردە و دایکی وباوکی دەدرێت. دایکان و باوکان دەتوانن هەر بابەتێك کە لە زەینیاندایە لەوێ باسی بکەن. هەروەها خزمەتگوزاری دەرون ناسی منداڵ و چارەسەرکردنی قسە دەتوانرێت لە رێگەی رێنمایی خێزانەوە بەدەست بێت. بۆ کاروباری تەندروستی منداڵی قوتابخانە سستەری قوتابخانە، دوکتۆر و دوکتۆری دان بە هاوکاری دایك وباوك چاودێری دەکرێت.

**پشتیوانی کردنی ئابووری خێزانی منداڵدار**

بەرێوە چوونی ژیانی خێزانی منداڵ دار بە چەندین شێوەی یارمەتی ئابووری لە فنلاندا ئاسان دەکرێتەوە.

بەشێك لەو یارمەتییانە هەموو هاوولاتیانی فنلاندا لێی بەهرەمەند دەبن. بەڵام هەندیکی تر تەنیا ئەو کەسانە هەقیانە وەری بگرن کە بۆ ماوەیەکی دوور ودرێژتر و هەمیشەیی لە فنلاندا ژیابێتن.

- **یارمەتی دایکانە** (äitiysavustus) هەموو دایکێك کە لە فنلاندا بژی وەری دەگرێت، ئەگەر لە ماوەی پێش تەواوکردنی چوارمانگی دوو گیانیدا بۆ چاودێری تەندروستی لای راوێژگا یان لای دوکتۆر چووبێت. یارمەتییەکە دەتوانێت وەك پارە وەری بگرێت یان وەك پاکەتی دایکانە. لە ناو پاکەتی دایکانەدا جل وبەرگ و شت و مەکی چاودێری منداڵی تازە لەدایك بووی تێدایە.
- **پارەی رۆژانەی دایك وباوك** (vanhempainpäiväraha) بە دایك وباوکێك دەدرێت کە منداڵەکەیان لە ماڵەوە لەماوەی دە مانگی سەرەتای تەمەنی منداڵەکە بەخێو دەکەن. پارەی رۆژانەکە لە پارەی دایکانە و باوکانە و دایك وباوك پێك هاتوە. ئەم یارمەتییە دەدرێت بە هەموو ئەو کەسانەی کە ١٨٠ رۆژ پێش منداڵ بوون بە شێوەی هەمیشەیی لە فنلاندا بژین. بڕی ئەم یارمەتییانە بەپێی داهاتی کارەکانیان دیاری دەکرێت. ئەو دایك و باوکانەی کە ئیشیان نەبێت لانی کەمی پارەی رۆژانەیان پێ دەدرێت.
- خەرج و مەسرەفێك کە دەکەوێتە سەر شانی خێزان لەسەریان سووك دەکرێتەوە بە دانی پارەی منداڵ (lapsilisä)، کە هەموو مانگێك دەدرێت بۆ هەر منداڵێك کە بە هەمیشەیی لە فنلاندا دەژی و تەمەنی لە خوار ١٧ ساڵەوەیە.

بۆ بەدەست هێنانی زانیاری زیاتر سەبارەت بە یارمەتییەکانی کە دەدرێت بە خێزانی منداڵدار لە دائیرەکانی خانە نشینی و بیمە کۆمەڵایەتییەکانەوە واتە کێلا بەدەست دێت، کە هەر لەوێوە داوای ئەو یارمەتییانە دەکرێت. هەروەها لە راوێژگای دایکانەوە دەکرێت پرسیار بکرێت کە کەی داوای یارمەتییەکە دەکرێت.

## چاودێری رۆژانە

لە فنلاندا ئاساییە کە منداڵان رۆژانە لە دەرەوەی ماڵ بن واتە لە چاودێری رۆژانە بن. مەبەست لەم چاودێریە پارمەتیدانی هاوسەنگی و گەشەی هەمەلایەنەی منداڵەکەیە. هەروەها هەردوو دایك و باوك هان بدرێن کە بەشێوەی یەکسان بەشداری خوێندن و ئیش وکار بکەن.

### له قوتابخانەدا پشتیوانی له کەلتووری کۆچبەر دەکرێت

له خوێندندا هەوڵ دەدرێت کە کەسایەتی و کەلتووری کۆچبەر لەبەرچاو بگیرێت و پشتیوانی له بەدیهێنانی بکرێت. پێش وەرگرتن له پۆلی قوتابخانەی ئەسلیدا، قوتابی کۆچبەر بۆ ئامادەکردنی بۆ خوێندن مافی ئەوەی هەیە کە له گروهی تایبەت بە خۆیان وەربگیرێ. منداڵانێك کە زمانیان جیاوازە لە قوتابخانەدا دەتوانن خوێندنی زیاتریان پێ بوترێت وەك پشتیوانی کردنیان، هەروەها خوێندنی زمانی دایکیشیان پێ بوترێتەوە. دەتوانرێت خوێندن بۆ منداڵ بە زمانی خۆی ڕێك بخرێت. بەگشتی خوێندنەکە ماوەی دوو سەعات له هەفتەدایە.

دایکان و باوکان دەتوانن سەبارەت بە خوێندنی ئایین و خواردنی قوتابییەکە لەگەڵ قوتابخانەدا قسەوباس بکەن. قوتابخانەکان لەگەڵ ماڵەوەدا هاوکاری دەکەن. پێویستە هەموو دایکان و باوکانێك بەشداری ئێوارەی دایکان و باوکان بکەن کە لەلایەن قوتابخانەوە ڕێك دەخرێت هەروەها بەشداری قسەوباس لەگەڵ مامۆستا و سستەرەکەدا بکەن و لە چالاکیەکانی ئەنجومەنی دایکان و باوکانیشدا بەشداری بکەن.

**دایکان و باوکان دەتوانن بە سێ شێوەی جۆراوجۆر چاودێری بۆ منداڵەکانیان ڕێك بخەن:**

- **دایکەکە یان باوکەکە دەتوانێت نەچێتە سەر کارو بەبێ وەرگرتنی هیچ موچەیەك وەك سەرپەرشتی ئازاد لە ماڵەوە بمێنێتەوە منداڵەکەیان بەخێو بکات. دایك و باوکێك کە سەرپەرشتی منداڵەکەیان دەکەن لەباری ئابووری‌یەوە یارمەتی دەدرێن بە ناوی یارمەتی سەرپەشتی ماڵەوە**(kotihoidon tuki) **تا ئەو کاتەی کە منداڵەکە دەبێتە سێ ساڵ.**
- **دەکرێت منداڵەکە لە شوێنی سەرپەرشتی تایبەتی بێت یان لە باخچەی منداڵانی تایبەتی بێت. بەشێك لە مەسرەفی ئەم سەرپەرشتی‌یە بۆ دایك وباوکەکە دەگێڕدرێتەوە کە ناوی یارمەتی سەرپەشتی تایبەتە** (yksityisen hoidon tuki)
- **شوێنی نیشتەجێ بوون سەرپەرشتی بۆ منداڵانی خوار تەمەنی قوتابخانە لە باخچەی منداڵان یان لە سەرپەرشتی ڕۆژانە لەلای خێزان ڕێك دەخات. بڕی خەرجی سەرپەشتی‌یەکە بەپێی داهاتی خێزانەکە دیاری دەکرێت. سەرپەشتی بۆ ئەو خێزانانەی کە داهاتیان کەمە بە خۆڕایی‌یە.**

**زانیاری زیاتر سەبارەت بە سەرپەرشتی منداڵان لە شوێنی ڕێنمایی سەرپەرشتی شارەوانی‌یەکان بەدەست دێت.**

**سەبارەت بە چۆنیەتی یارمەتی سەرپەرشتی منداڵان دەکرێت لە دائیرەی خانەنشینی و بیمە کۆمەلایەتی‌یەکان واتە کیلا بپرسیت.**

## چوون بۆ قوتابخانە

**هەموو ئەو منداڵانەی کە بە شێوەی هەمیشەیی لە فنلاندا دەژین خوێندنیان ئیجباری‌یە. ئەمەش بەو مانایەیە کە منداڵانی کۆچبەرانیش دەبێ ٩ ساڵ لە قوتابخانە خوێندنی سەرەکی بخوێنن. پێش چوون بۆ قوتابخانە منداڵان دەتوانن بەشداری خوێندنی پێش سەرەتایی بکەن کە لەلایەن قوتابخانە یان باخچەی منداڵانەوە ڕێك دەخرێت. قوتابخانەی سەرەتایی لەو ساڵەدا دەست پێ دەکات کە منداڵەکە بەگشتی دەبێتە حەوت ساڵ. کچان و کوڕان بۆ چوون بۆ قوتابخانە دەرفەتی یەکسانیان هەیە. خوێندنی سەرەتایی (سەرەکی)، هەروەها ماتریالی خوێندنەکانیشی، خواردنی قوتابخانە و خزمەتگوزاری تەندروستی بە خۆڕایی‌یە.**

**بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە چوون بۆ قوتابخانە دەتوانرێت قسەوباس لەگەڵ بەڕیوەبەرایەتی قوتابخانە و پەروەردەی شوێنی نیشتەجێی خۆت وە هەروەها لەگەڵ کارگێرانی قوتابخانەکە بکەیت.**

### هاوکاری نێوان باخچەی منداڵان و دایك وباوك گرنگە

ئەرکی سەرپەرشتی ڕۆژانەی منداڵان پشتیوانی کردنیشە لە گەشەپێدانی زمان و کەلتووری منداڵانی کۆچبەر و بەهێزکردنی کەسایەتی فرە فەرهەنگی‌یانە. گرنگە کە دایکان و باوکان لەگەڵ کارگێرانی باخچەی منداڵان قسەوباس بکەن سەبارەت بە پەروەردەکردنی منداڵ ولەسەر کاروبارە تایبەتی‌یەکانیش لەگەلیان ڕێك بکەون.

# خوێندن

لەفنلاندا گرنگی بە خوێندن زۆر دەدرێت. خوێندن زۆر گرنگە بەتایبەتی بۆ کار پەیداکردن، چونکە زۆربەی پیشەکان پێویستیان بە خوێندنە. خوێندن هەروەها یەکسانی نێوان ژن و پیاو باشتر فەراهەم دەکات. لە ڕێگەی خوێندنەوە کەسەکان توانایی باشتریان دەبێت کە لە کۆمەڵگادا هەڵسوڕێن و ئاگاداری خۆیان بن.

بۆ هەموو کەس لە فنلاندا دەرفەتی یەکسان دەرەخسێنرێت کە بخوێنێت و گەشە بەخۆی بدات بۆنموونە بەبێ لەبەرچاوگرتنی جنس، بنەچە و دارایی.

لە بەدیهێنانی یەکسانیدا بۆ خوێندن بەشێوەی پشتیوانی مالی لە خوێندندا هەروەها لە سەرپەرشت کردنی منداڵ لە دەرەوەی مالەوەدا یارمەتی دەدرێ. هەر بۆیە بەم شێوەیە لە ڕێکخستندا خوێندنی ژنان لە فنلاندا زۆر بەربلاوە. بەیارمەتی خوێندن کۆچبەران دەتوانن لە کۆمەڵگای فنلاندا زانیاری و توانایی پێویستیان بەدەست بهێنن وهەروەها زمانی دایکی خۆیان و کەلتووریان بپارێزن.

**زمان خوێندن**

ئەو کەسانەی کە لە وولاتانی ترەوە دێن بۆ فنلاندا گرنگە کە زمانی فنلاندی وەیان لە هەندێ شارەوانیدا زمانی سویدی بخوێنن. زۆر بنکەی خوێندن کۆرسی زمانی فنلاندی یان سویدی بۆ کۆچبەران ڕێك دەخەن. بێجگە لە بەشداری کردن لە کۆرسی زماندا پێویستە چالاکانە لەسەر زمانەکە لەرێگەی قسەکردن لەگەڵ فنلاندییەکاندا بۆ نموونە بەشداری کردن لە سەرگەرمییەکاندا مەشق بکەیت. زانینی زمان و ناسینی خەلك گونجاندنت لە وولاتی تازەدا ئاسان دەکاتەوە.

**ئەو خوێندنانەی کە لە دەرەوەی وولات بەدەست هاتووە**

خوێندن وکارێك کە کۆچبەر لە دەرەوەی وولات خوێندوویەتی وئەنجامی داوە دەبێتە بناغەی نەخشە دارشتنی بۆ خوێندن و تەواوکردنی لە فنلاندا. ئەگەر کەسێك لە دەرەوە خوێندنی بالای خوێندبێت دەتوانێت داوا لە بەرێوەبەرایەتی خوێندن بکات کە بەڵگەکەی لەگەڵ بەلگەی خوێندن لە قوتابخانەی بالا وەیان لە دانیشگای تەکنۆلۆجی فنلاندی پەسەند بکرێت یان هاوسەنگ بکرێت. بەرێوەبەرایەتی پەروەردە و خوێندنیش نامەی لێپرسراویەتی خۆیشیان لەگەڵ ئەو بەڵگەنامانەدا کە لە وولاتانی تردا بەدەست هاتوە، دەدەن. ئەم خزمەتگوزاریانە بە پارەن. ئەگەر قوتابییەك بیهەوێت خوێندنێك کە پێشووتر خوێندوویەتی لە خوێندنگاکانی فنلاندا تەواوی بکات، ئەوا ئەو خوێندنگایە بەڵگەنامەی خوێندنەکەی پێشووی هەڵدەسەنگێنی کە ئایا وەك پێشینەیەك بۆ بەڵگەنامەی تازە دەخوات یان نا.

**رێگاکانی (بەدیلەکانی) خوێندن**

لە فنلاندا دوای نۆ ساڵ لە خوێندنی سەرەکی ڕێگای ئاسایی بۆ درێژەدان بە خوێندن ئەوەیە کە لە خوێندنی گشتی ئامادەیی یان لە خوێندنگا پێشەییەکاندا بخوێنیت. دوای ئەوە کەسەکە دەتوانێ خوێندنی لە قوتابخانەی بالا یان دانیشگای تەکنۆلۆجی یان لە دانیشگادا درێژە پێ بدات.

کۆچ کردوان کە لە وولاتانی ترەوە هاتوون بۆ فنلاندا دەتوانن خوێندنی سەرەکی و ئامادەییان بۆ نموونە لە ئامادەیی گەورە سالان یان لە خوێندنگای نەتەوەیی بخوێنن. هەروەها لە فنلاندا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە خوێندنگای پیشەیی گەورە سالان هەیە، کە گەورە سالان دەتوانن لەوێدا پیشە فێر بن یان خوێندنەکانی پێشوویان تەواو بکەن. کۆچ کردوان دەتوانن پێش خوێندنی پیشەیی، زمان و ئامادەییان بۆ خوێندن باشتر بکەن ئەویش بە خوێندنی وانەی جۆراوجۆری تەواوکەر و ئامادەکردن لە خوێندنگاکاندا. فێر بوونی پیشە دەکرێت بەشێوەی ڕێکەوتن نامەی خوێندن بوی بخوێنیت. خوێندنی کار بەشێوەی ماوەی جۆراوجۆر بۆ بێکارانێك کە داواکاری کارن ڕێك دەخرێت، کە کۆچبەرانیش دەتوانن لە ڕێگەی دائیرەی کارەوە داوای بکەن.

**خوێندن بە درێژایی تەمەن**

لە فنلاندا مەبدەئی خوێندن بە درێژایی تەمەن دەبرێتە پێشەوە. مەبەستیش لەمە ئەوەیە کە بەدەست هێنان وباشتر کردنی زانیاری وتوانایی بۆ گەورە سالانیشە. لە ڕێگەی خوێندنی زیاترەوە ئەو مەبەستە دەهێنرێتە دی کە توانایی پیشەی ئەو کەسانەی کە لەسەر کارن وەلام دەرەوەی پێویستییەکانی ژیانی کاری ئەم سەردەمە بێ کە زۆر بەخێرایی لە گۆڕاندایە.

ژنان و پیاوانی فنلاندی خوێندنی باش دەخوێنن. لە ئێستادا ژنانێك كە تەمەنیان لە ٥٠ساڵ خوارترە خوێندەواریەیان لە پیاوان زیاترە. ژنانی قوتابی دانیشگاكان و خوێندنگا باڵاكان زیاتر لە نیوەی قوتابیان پێك دەهێنن.

## خوێندنی جێگێر بوون

لە زۆربەی شارەوانییەكان خوێندنی جێگیر بوون بۆ كۆچبەرانی گەورە ساڵ بۆ ماوەی نزیك بە شەش مانگ رێك دەخرێت. لەو خوێندنەدا زمانی فنلاندی دەخوێندرێت، كۆمەلگای فنلاندی دەناسرێت، رێنمایی لە پەیوەند بە خوێندن و كاركردنەوە دەدرێت و ئاشناییش بە ژیانی كار بۆ نموونە لە رێگەی مەشقی كارەوە دەكرێت. بۆ هەر قوتابییەك نەخشەی خوێندن و كاركردنی خۆی دادەرێژرێت. لە پێش هەموویانەوە بۆ كۆچبەرانی بێكار كە داواكاری كارن ئەم كارە دەكرێت. هەروەها بۆ نەخوێندەوارانیش لە هەندی شارەوانیدا خوێندنی تایبەتی دادەنرێت.

## نەخشەی جێگیربوون یارمەتی دەدات بۆ جێگیربوون

کەسێك کە هاتوە بۆ فنلاندا ئەگەر کار یان شوێنی خوێندنی دەست نەکەوێت، ئەوا دەتوانرێت لە **دائیرەی کاردا** یان لە دائیرەی سۆشیالدا نەخشەی جێگیربوونی بۆ داڕێژرێت. مەبەستیش لەم کارە یارمەتی دانی کۆچبەرە بۆ چونە سەر کار و جێگیربوونی لە کۆمەڵگای فنلاندا.

کۆچبەر ئەم نەخشەیە لەگەل کاربەدەستی دائیرەی کار یان لەگەل کارگێری سۆشیال پێکەوە دادەڕێژێ. لەو نەخشەدا چاوەڕوانییەکانی داواکار، باری ژیانی و زانینی پیشەی لەبەرچاو دەگیرێ. لە نەخشەی جێگیربووندا زۆرجار خوێندنی زمانی فنلاندی، تەواوکردنی خوێندنی پیشە و مەشقی کاری تێدایە. هەندێ جاریش خودی نەخشەکە هەمووی داواکردنی پیشەیەکی تازەیە. نەخشەی جێگیربوون لانی زۆر بۆ ماوەی سێ ساڵە.

لەو ماوەیەدا، کە کۆچبەرەکە تەنیا نەخشەکە جێبەجێ دەکات و هیچ داهاتێکی تری نییە، ژیانی لە ڕێگەی **یارمەتی جێگیربوون** (kotoutumistuki) دابین دەکرێت. مەرجی وەرگرتنی یارمەتییەکە، ئەوەیە کە کۆچبەر پەیڕەوی لە جێبەجێکردنی نەخشەکە بکات.

**زانیاری سەبارەت بە جۆرەکانی خوێندن و نەخشەی جێگیربوون و خوێندنی جێکیربوون لە دائیرەی کاری شوێنی نیشتەجێ بوونەکەت بەدەستی دەهێنیت.**

**یارمەتی خوێندن**

**باری ئابووری قوتابیان لە فنلاندا لە ڕێگەی یارمەتی خوێندنەوە دابین دەکرێت. بێگانەیەك کە بەشێوەی هەمیشەیی لە فنلاندا دەژی بۆ دابین کردنی ژیانی لە کاتی خوێندندا یارمەتی خوێندنی پێ دەدرێت، ئەگەر لانی کەم دوو ساڵ لە فنلاندا بەمەبەستی تر بێجگە لە مەبەستی خوێندن ژیابێت. یارمەتی خوێندن دەدرێت بە پەنابەرانیش و ئەندامانی خێزانەکانیان یان بەو کەسانەش کە بۆ فنلاندا گەڕاونەتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە هێشتا دوو ساڵیشیان ژیان لە فنلاندا تەواو نەکردبێت. هەروەها کەسانیکیش کە تەمەنیان لەخوار ۱۸ ساڵەوەیە و کۆچیان کردوە بۆ فنلاندا، دەتوانن دەست بەجێ دوای کۆچ کردنیان یارمەتی خوێندن وەرگرن، ئەگەر دایك و باوکیان بە شێوەی هەمیشەیی لە فنلاندا بژین.**

**زانیاری زیاتر سەبارەت بە یارمەتی خوێندن لە دائیرەکانی خانەنشینی و بیمەکۆمەڵایەتییەکان بەدەست دێت.**

# ژیانی کار

**روخسەتی کارکردنت لەبیربێت**

کۆچبەران پێویستی‌یان بە چەندین شتی جیاواز هەیە بێجگە لە روخسەتێك بۆ کارکردن لە فنلاندا کە دائیرەی بێگانە دەیدات.

ژنان و پیاوان سەبارەت بە کارکردن لە فنلاندا ماف و ئەرك و دەرفەتی یەکسانیان هەیە. زۆر ئاسایی‌یە کە ژنانیش لە دەرەوەی ماڵدا کاردەکەن وموووچە وەردەگرن وەیان وەك خاوەن کار کاردەکەن. بەشداری کردن لە ژیانی کاردا سەربەخۆیی ئابووری ژنان بەهێز دەکات.

## یەکسانی لە ژیانی کاردا

بەهۆی یەکسانی‌یەوە بەتایبەتی پێ لەسەر ئەوە دادەگیرێ کە جێگاوریگای ژن لە ژیانی کاردا باشتر بکرێت. یاسایش ئەرك دەخاتە سەر شانی خاوەن کارەکان کە ژیانی کار و ژیانی خێزانی بەگوێرەی پێویست ئاسان بکاتەوە. مەبەستەکەش ئەوەیە کە دەرفەتی یەکسان بخرێتە بەردەمی ژنان و پیاوان بۆ کاروباری ناوماڵ و کاری دەرەوەش.

لە فنلاندا بەپێی یاسا هەڵاواردن بەپێی جنس وهەروەها بۆنموونە بەپێی نەتەوە، ئایین وەیان تەمەن قەدەغەیە. پێویستە بۆ هەموو کەسێك مامەڵەی یەکسان بۆ داواکار و کاتی کارکردن دابین بکرێت. مەبەستەکەش ئەوەیە کە کۆچبەرانیش وەك ئەندامێکی یەکسان بەشداری ژیانی کاری و چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان بکەن.

## داواکردنی کار

لە دەست پێکردنی داواکردنی کارەوە **دائیرەکانی کار** یارمەتی دەدەن، کە زۆر جار کارگێری تایبەت بە خزمەتگوزاری کۆچکردوانیشی لێیە. دوای هاتنت بۆ فنلاندا باشتر وایە دەست بەجێ خۆت بە دائیرەی کاری شوێنی نیشتەجێی خۆت وەك داواکاری کار بناسێنیت. لە دائیرەکانی کارەوە سەرەرای زانیاری سەبارەت بە شوێنی کارەکان لەبارەی دەرفەتەکانی مەشقی جۆراوجۆری کار و خوێندنیش بەدەست دێت. لە داواکردنی کاردا گرنگە کە خۆت چالاك بیت و پەیوەندی بە خاوەن کارەکانەوە بگریت.

## موچە

داهاتێك کە لە رێگای کارکردنی کەسەکەوە پەیدا دەکرێت بە مولکی تایبەتی ئەو کەسە دەژمێردرێت. بەگشتی خاوەن کار موچە دەخاتە حیساب بانکی تایبەتی کەسەکەوە کە خۆی پێی راگەیاندوە. حیساب بانك دەتوانرێت بە هەڵبژاردنی بانکێك بکرێتەوە وە کردنەوەیشی پێویستی بە پاسپۆرت یان کارتی کەسی هەیە.

## باجەکان

هەموو کەسێك کە کاردەکات و لە فنلاندا دەژی بەگوێرەی داهاتەکەی بە دەولەت و شوێنی نیشتەجێیەکەی باج دەدات. ئەوانەی داهاتیان زۆرە باج زیاتر دەدەن لەوانەی کە داهاتیان کەمترە. خاوەن کارەکان کاروباری باجی کرێکار و کارمەندەکانیان بەپێی کارتی باجەکانیان جێبەجێ دەکەن. کرێکار و کارگێرەکان دەبێ هەر لەسەرەتای دەست پێ کردنی کارەکانیانەوە کارتی باجەکانیان بە خاوەن کارەکانیان بدەن.

کۆچبەر دەبێ پێش دەست پێکردنی کارەکەی بچێت لە **دائیرەی باجی** شوێنی نیشتەجێکەی کارتی باج وەرگرێت. لەهەمان کاتدا گرنگە کە پێیان رایگەیەنێت کە کۆچ بەرە. دوای یەکەمین ساڵ ئیتر پێویست ناکات بەجیاواز داوای کارتی باج بکەیت بەلکوو لە رێگەی پۆستەوە بۆ ماڵەوەی دەنێرن.

**سوودی کارکردن لە کاتی خانەنشینیشدا دەبینرێ**

موچەیەك کە بە رەنجی شان و کارکردن بەدەست دێت لە باری ئابووری‌یەوە تەنانەت لە ئایندەیشدا سەربەخۆت دەکات. ئەگەر کەسێك لەسەر کارەکەی بێکار کرا، بیمەی بێکاری‌یەکەی وابەستە دەبێت بە کارەکەی پێشووی وە لە پارەی کەسێکی بێکاری درێژماوە زۆرترە. بەهەمان شێوە کەسێك کە مووچە وەردەگرێت، بەو رادەیەی کە مووچەی زیاتری وەرگرتبێت، دەرفەتی ئەوەی هەیە کە بیمەی خانەنشینی زیاتر وەرگرێت. لە ژیانی کاردا ئەو بیمە کۆمەڵایەتیانەی کەسەکە کە لێی بەهرەمەندە زۆر جار پەیوەندی بە داهاتی هاوسەرەکەیەوە نی‌یە.

له فنلاندا چ ژنان و چ پیاوان دەتوانن لە دەرەوەی ماڵدا کار بکەن. لە ئێستادا ڕادەی ژنان لە هەموو هێزی کاری فنلاندا نزیك بە هەمان ڕادەی پیاوانە.

### بیمە کۆمەڵایەتی‌یەکان

ئەو بڕی پارەیەی کە لە ڕێگای باجەوە کۆکراوەتەوە خەرجی بیمە کۆمەڵایەتی‌یەکانی لێ دەدرێت. بەشێوەیەکی ئاسایی ژنان و پیاوان لە فنلاندا خۆیان و خیزانەکانیان بە کارکردنیان دەژێنن. بەڵام هەمیشە بۆنموونە بەهۆی بێکاری، پیری، نوقسانی یان نەخۆشی‌یەوە ئەمە ناڕەخسێت. لەو حاڵەتانەدا کۆمەڵگا ژیانی ئەو کەسانە دابین دەکات. زۆربەی بیمە کۆمەڵایەتی‌یەکان دائیرەی خانەنشینی وبیمە کومەڵایەتی‌یەکان واتە کێلا KELA دەیدات، وەرگرتنی ئەم بیمانەش مافی هەموو کەسێکە کە بەشێوەی هەمیشەیی لە فنلاندا دەژی بەبێ لەبەرچاو گرتنی رەگەزنامەی کەسەکە.

## چالاکی کاتی ئازاد

سەرەڕای گەڕانی چالاکانەی کەسەکان بەشوێن کاردا بەڵام هەمیشە کار پەیدانابێ. لەم حالەتانەدا پێویست ناکات ئینسان خۆی لە کونجی ماڵەوە بخزێنێ. لە فنلاندا دەرفەتی زۆر هەیە بۆ سەرگەرمی وە بەشداری کردن بۆ نموونە لە کاری دڵخوازانەدا یان لە هەڵسوورانی ڕێکخراوەکاندا. لە زۆر شارەوانی‌دا هەندێ چالاکی هەیە کە تەنیا تایبەت بە ژنانە. کۆچبەران دەتوانن لە ڕێگای ڕێکخراوەکانی خۆیانەوە وەیان لە شوێنی فرە کەلتووری و یەکتر بینینەوەدا کەلتووری خۆیان بنوێنن و خەلکی تازە ببینن. کاری دڵخوازانە و کار لە ڕێکخراوەکاندا ئەو دەرفەتە دەدات کە پارێزگاری لە زانیاری و توانی‌یەکانی خۆت بکەیت و گەشەی پێ بدەیت، وە ئەمەش لەوانەیە دواتر بۆ کار پەیداکردن گرنگ بێت.

**زانیاری زیاتر بۆ دەرفەتی نواندنی ئارەزوو لە شوێنی نیشتەجێ بوونتدا دەتوانرێت بۆ نموونە لە ڕێگای دائیرەکانی کەلتوور و کاتی ئازاد و ڕێکخراوەکان و لە ڕاگەیاندنەکانی ڕۆژنامەکانی شوێنی نیشتەجێ بوونتەوە بەدەستی بهێنیت.**

### ووریایی لە ئیمزاکردنی ڕێکەوتن نامەدا

پێش ئیمزاکردنی هەر ڕێکەوتن نامەیەکی نووسراو و بەڵگەیەك دەبێ لە ناوەڕۆکەکەیان ئاگادار بیت. ڕێکەوتن نامەی نووسراو کەسەکان وابەستە دەکات. ئەگەر زمانەکەت بەشی ئەوەندەی نەکرد کە لە ناوەڕۆکی ڕێکەوتن نامەکە تێ بگەیت، پێویستە داوای یارمەتی موتەرجیم بکەیت. هەروەها گرنگە لە مەرجەکانی ڕێکەوتن نامەی کار تێ بگەیت پێش ئەوەی ئیمزای بکەیت.

بۆ نموونە ئەو ڕێکەوتن نامانەی کە پەیوەندی‌یان بە جیابوونەوە و بەش کردنی دارایی‌یەوە هەیە لەوانەیە پێچیدە بێت. بۆ نووسینی هەر بەڵگەنامەیەك زۆر جار پێویست بە یارمەتی پسپۆڕ دەکات. هەر یارمەتی‌یەك بۆ هەموو کاروباریکی یاسایی لە فنلاندا یارمەتی دەرانی یاسایی گشتی، پارێزەران و باقی یاسازانان پێشکەشی دەکەن. ئەو کەسانەی کە داهاتیان کەمە دەتوانن یارمەتی یاسایی لە دائیرەکانی یارمەتی دانی یاسادا بەدەست بهێنن.

# گیروگرفت لە ژیانی خێزان دا

ژیانی هەر خێزانێك بێجگە لە خۆشی بەڵام ناكۆكی و گیروگرفتیشی تێدایە. هەندێ جار توانایی خۆت و ئەو ڕێگایانەش كە شارەزاییت ناتوانێت گرفتەكان چارەسەر بكات. ئەو كات پێویستە پێكەوە بەشوێن ڕێگا چارەی دیكە لەگەڵ پسپۆری دەرەوەی خێزان بگەرێن پێش ئەوەی گیروگرفتەكان زۆر گەورە وچارەهەڵنەگر بنەوە.

## یارمەتی بۆ ناكۆكی و كێشەكان

لە هەموو شارەوانی‌یەكانی فنلاندا شوێنی پەروەردەو راوێژی خێزان هەیە، كە یارمەتی بۆ كاروباری پەیوەندی كۆمەڵایەتی، ژیانی خێزان و پەروەردەی منداڵ دەدەن. یەكێك لە شێوەكانی راوێژگای خێزان ڕێكەوتنی دڵخوازانەیە لەسەر كاروباری خێزان كە چوون بۆی دەكرێت لە ڕێگەی پرسیار كردن لە دائیرەی سوشیاڵی شارەوانی‌یەكەی خۆتەوە ئاگادار بكرێت. لە كاتی ڕێكەوتنەوەكەی خێزاندا ئەندامانی خێزانەكە لەگەڵ كارمەندی سۆشیال وەیان لەگەل دەروونناسدا هەوڵ دەدەن لایەنەكانی گرفتەكە بدۆزنەوە و ڕێگاچارەیەكیش دابنێن كە هەموو ئەندامانی خێزانەكە رازی بكات. لە ڕێكەوتنەكەدا هەموو ئەندامانی خێزانەكە یاخود بەشێكیان دەتوانن بەشداری بكەن. بۆ ڕێكەوتن دەتوانرێت بۆ هەر كێشەیەكی خێزان وەهەروەها بۆ گیروگرفتی جیابوونەوەش داوای یارمەتی بكرێت.

ئەو یارمەتیانەی كە لەلایەن شارەوانیەكانەوە ڕێكدەخرێت بەخۆراییە و هەموو قسەوباسەكانیش كە لەگەڵ كارگێری یارمەتی‌دەرەكە دەكرێت بێ گومان جێگای متمانەیە. بێجگە لە شارەوانی‌یەكان خزمەتگوزاری ڕێكەوتن بۆ نموونە لەلایەن كلێسا و ڕێكخراو و كەسانێكیش كە لەسەر راوێژی خێزان شارەزاییان هەیە، پێشكەش دەكرێت.

## گیروگرفتی دەروونی

كۆچكردن بۆ وولاتی تازە و گونجاندن لەگەڵ بارودۆخەكەیدا پێ دەچێت لەباری دەروونی‌یەوە بەسەرهاتێكی قورس بێت. هەروەها گیروگرفتێك كە لە وولاتی خۆدا هەبووە گوشار بۆ زەینی كەسەكە دەهێنێ هەروەها خەمی چارەنووسی خزم وكەسەكانیش كە لەوێدا بەجێ ماون. دائیرەكانی یارمەتی دەروونی شارەوانی‌یەكان راوێژی پێویست دەدەن و چارەسەریش دەكەن بۆ ئەو گیروگرفتانەی كە پەیوەندیان بە دەروونەوە هەیە. خزمەتگوزاری شارەوانی بە خۆراییە.

هەروەها لە هیلسینكیدا **بنكەی قەیرانی دەروونی بێگانە** (Ulkomaalaisten kriisikeskus) هەیە بۆ هەموو كۆچبەران و خێزانەكانیان كە لە فنلاندا دەژین. لەوێدا یارمەتی بۆ گیروگرفتی دەروونی و كۆمەڵایەتی بەخۆرایی دەدرێت. ئەو پەنابەرانە و كەس وكاریان كە لە وڵاتی خۆیان قوربانی ئەشكەنجە بوون لە **بنكەی پێراگەیشتن بە ئەشكەنجە كراوەكان** (Kidutettujen kuntoutuskeskus) لە هیلسینكی بەخۆرایی چارەسەر دەكرێن. بۆ ئەم خزمەتگوزاریانە دەبێ لەوە پێشەوە كات بگیرێت.

## خانووی یەكەم (خانووی دایك و منداڵ)

لەدایك بوونی یەكەم منداڵ لە خێزاندا نیشانەی ئاڵ وگۆڕێكی تازەیە لە باری ژیانی خێزاندا، هەروەها پێویستی بە فێربوونی زۆر شتی تازەش هەیە. هەندێ جار لەكاتی لەدایك بوونی منداڵ دا گیروگرفتی تایبەتی وەكوو قەیرانی ناو خێزان یان گرفتی بێ خانوویی هەیە. **خانووی یەكەم** (ensikodit) خانوویەكە بۆ دایكی منداڵەكە، كە ئەركەكەی پشتیوانی كردنی دایكە لەم بابەتە لە گیروگرفتی خێزان. بۆ ئەم خانووانە دایكانێك دەتوانن برۆن كە هێشتا دوو گیانن یان منداڵەكەشیان بووە. لەم خانوانەدا دایكان فێری دایكایەتی و شێوەی پێراگەیشتن بە منداڵەكە دەكەن و یارمەتی‌یان دەدەن كە لە سەرەتاوە وەك دایك وباوكی سەربەخۆ بچنە پێشەوە. مانەوە لە خانووی یەكەمدا بەگوێرەی كەسەكان دەگۆڕێ. بەگشتی لەم خانوانەدا دایك و منداڵەكەی بۆ ماوەی شەش مانگ دەژین.

> **زانیاری سەبارەت بە خانووی یەكەم دەتوانرێت لە دائیرەی سۆشیال و راوێژگاوە بەدەست بهێنرێت.**

## گیروگرفتی منداڵان و لاوان

منداڵان و لاوان زۆر جار لە كەسە گەورە ساڵەكان زووتر لەگەڵ كەلتووری تازەدا ڕادێن. ئەوان لە نێو هاوڕێكانیان و لەقوتابخانەدا فێری هەلس وكەوتی تازە دەبن، كە لەوانەیە دایك وباوكیان بۆیان سەخت بێت لێی تێ بگەن. گیروگرفتێك كە لەوانەیە بەهۆی پێكەوە گرێدانی كەلتووری تازە و كۆن ڕووبەڕوویان بێتەوە هەروەها منداڵان و لاوان لەوانەیە لە دەرەوەی ماڵەوە ڕوو بەرووی گیروگرفتی تر وەكو نارەحەتی و ئەزیەتدان لە قوتابخانەدا ببنەوە. مەترسی زیادبوونی گیروگرفت ئەوەیە كە كەسەكە ناچار ببێ پەنابباتە بەر ماكی گێژكەر وەیان ئەنجامدانی تاوان و یاسا شكاندن.

بۆ بەرگرتن بە گیروگرفت زۆر گرنگە كە دایك وباوكەكە لەگەل منداڵەكەیان قسە بكەن و پەیوەندی نزیك و هەمیشەیی‌یان

زەبرو زەنگ لە ناو چوارچێوەی خیزاندا بەداخەوە زۆر و گشتی‌یە. سەرەڕای ئەوەی ژنان زۆرتر دەترسن کە ببنە قوربانی زەبروزەنگی کەسێکی نەناسیاو، بەڵام زۆر جار زەبروزەنگ بەرامبەر بە ژنان لەناو ماڵەکەیدا روو دەدات. پێنج یەکی ژنانی فنلاندی باسی ئەوە دەکەن کە لە پەیوەندی خێزانی ئێستایاندا رووبەرووی زەبروزەنگی فیزیکی بوونەتەوە یان بەر هەڕەشەی زەبروزەنگ کەوتوون.

بە باخچەی منداڵان و قوتابخانەوە هەبێ. تەنانەت لەسەر گیروگرفتی بچوکیش پێویستە ئاوڕبدرێتەوە. پێویستە دایك وباوك ئەویشیان لەیادبێ کە لاوان لە فنلاندا مافی ئەوەیان هەیە کە بڕیار بدەن لەسەر هەر شتێك کە پەیوەندی بە ژیانیانەوە هەیە، بۆ نموونە دەتوانن خۆیان هاوسەری بۆخۆیان هەڵبژێرن.

**دەتوانرێت داوای یارمەتی بۆ گیروگرفتی منداڵان و لاوان لەرێگەی راوێژگای پەروەردە و خێزانی شارەوانی و دائیرەکانی خزمەتگوزاری دەروونی‌یەوە بکرێت.**

## زەبروزەنگ لە خێزاندا

لێدان لە هاوسەر یان لە منداڵ بە زەبروزەنگی ناو خێزان ناودەبرێ. زەبروزەنگی ناو خیزان بە پێی یاسای فنلاندا بەتاوان دەژمێردرێ، وە ناکرێت کەسێك کە زەبروزەنگی بەکار هێناوە بۆ نموونە بەبیانووی هەلس وکەوتی کەلتووریەوە بەرگری لە خۆی بکات. پێویستە ئەو کەسەی بەر زەبروزەنگ کەوتووە لەلای پۆلیس شکات بکات و بچێتە لای دوکتۆریش بۆ تەماشا کردنی.

### بەیارمەتی قەدەغەی نزیك بوونەوە دەكرێت كەسەكان خۆیان بپارێزن

لە فنلاندا یاسایەك سەبارەت بە قەدەغەی نزیك بوونەوە هەیە. مەبەست لە قەدەغەی نزیك بوونەوە ئەوەیە كە بۆ پارێزگاری لە گیانی، تەندروستی، ئازادی یان ئاسایشی كەسێك پەیوەندی كەسێكی‌تر پێیەوە قەدەغە بكرێت. دەكرێت كاتێك داوای قەدەغەی نزیك بوونەوە بكرێت كە، ئەگەر هاوسەر یان هاونشینی پێشوو هەلس و كەوتی هەڕەشاوی لەو كەسە بكات. كاتێك كاربەدەستان بڕیاری قەدەغەی نزیك بوونەوە دەدەن، ئەوان بەگوێرەی قسەوباسی داواكارەكە و هەروەها ئەگەر شایەتیش هەبێت، وەك راپۆرتی دوكتۆر، پەیوەندی‌یەكانی كە بە پۆلیسەوە كراوە وقسەوباسی شاهیدەكانیش ئەم قەدەغەیە دیاری دەكەن. هۆیەكی سەنگین بۆ بڕیاری قەدەغەی نزیك بوونەوە زەبروزەنگەكانە كە بەكار هێنراوە. بەڵام زەبروزەنگ مەرجی قەدەغەكە نی‌یە.

قەدەغەی نزیك بوونەوە ناكرێت بسەپێنرێت بەسەر كەسانێكدا كە لەیەك ماڵدا دەژین. دەتوانیت بۆ نموونە لە كارگێرانی سۆشیالەوە لەسەر شێوەی داوای قەدەغەی نزیك بوونەوە داوای یارمەتی بكەیت. بە دەمی یان بە نووسین لەلای پۆلیس یان لە دادگادا داوای قەدەغەی نزیك بوونەوە دەكرێت.

زەبرو زەنگێك كە لە بەرامبەر هاوسەر وەیان منداڵدا ئەنجام دەدرێت بەگشتی بریتی‌یە لە زەبروزەنگی فیزیكی، گیانی، ئابووری وەیان جنسی. زۆر جار شێوەكانی زەبرو زەنگ هەموویان پێكەوە ئەنجام دەدرێن.

- زەبروزەنگی فیزیكی لێدانە، پاڵ پێوەنانە، شەق تێهەڵدانە وقوڕگ گوشینە
- زەبروزەنگی گیانی گوشار بۆ هێنانە، هەڕەشەكردنە، تاوانباركردنە، سووكایەتی پێكردنە، ژێر دەستەیی كردن، ترساندنە و بەرتەسك كردنەوەی هاتوچۆ یان بەرتەسك كردنەوەی پەیوەندی بە ئاشنا و كەس و كارە.
- زەبروزەنگی ئابووری ئەوەیە كە ناهێڵێ هاوسەرەكەی بچێتە سەر كار وەیان بێ پارە هێشتنەوەی‌یەتی.
- زەبروزەنگی جنسی ئەوەیە كە بەبێ رەزامەندی هاوسەرەكە جنسی لەگەڵدا بكات، ناچار كردن بە جنس كردن لەگەڵی‌دا یان ئەتك كردنی (ئیغتصاب كردن).

هەروەها سزادانی جەستەیی منداڵ لە فنلاندا قەدەغەیە. زەبروزەنگی ناو خێزان بۆخۆی لە خۆیەوە تەواو نابێت، بەلكوو زۆر جار توند تر دەبێتەوە. بەڵام یارمەتی بۆ بەرگری لە زەبروزەنگی ناو خێزان هەیە. لە شارەوانی‌یە گەورەكاندا **خانووی ئاسایش** (turvakoti) هەیە بۆ یارمەتی كردنی قوربانی‌یانی زەبروزەنگ، كە لە شارەوانی‌یەكانی تریشەوە دەتوانرێت داوا بكرێت. هەروەها دەتوانرێت یارمەتی لە **دائیرەی سوشیال**، **بنكەی تەندروستی**، **بنكەی تەندروستی دەرونی** و **راوێژگای خیزانی** شارەوانی‌یەكەی خۆت داوا بكەیت. دەتوانیت زەبروزەنگی ناو خیزان لەلای راوێژگای دایكانە و منداڵ باس بكەیت. كاربەدەستان ئەركیانە یارمەتی بدەن.

هەروەها ئەوانەی كە زەربروزەنگ دەنوێنن پێویستی‌یان بە یارمەتی هەیە. كاربەدەستانی شوێنی نیشتەجێ بوونت وە كەسانیك كە پسپۆڕی تایبەتن بۆ یارمەتی دانی ئەو كەسانەی كە زەبروزەنگ دەنوێنن، یارمەتی ئەوانە دەدەن كە دەیانەوێت لە هەڵس وكەوتی زەبروزەنگانە دەست هەڵ بگرن. پێویستە لە قۆناغی قەیرانی خێزان و زەبرو زەنگەكەدا قوربانی‌یەكە و كەسەكەی زەبروزەنگی بەكار هێناوە بە جیا داوای یارمەتی بكەن، چونكە لەوانەیە زەحمەت بێ بۆ كەسی قوربانی زەبروزەنگەكە باسی رووداوەكە بكات كاتێك ئەو كەسەی لێی داوە لەوێ بێت.

### خانوەكانی ئاسایش

هەموو كەسێك كاتێك زەبروزەنگی خێزانی لەبەرامبەردا بەكار دەهێنرێ، دەتوانێ داوای چوون بۆ خانووی ئاسایش بكات. دەتوانرێ راستەوخۆ لەكاتی قەیران و گیروگرفتدا پەنابرێت بۆ خانووی ئاسایش یان دواتر بە تەلەفون یان لە رێگەی كارگێری سۆشیالەوە پەیوەندی پێوە بكرێت. كاتێك مانەوە لە ماڵەوە بەهۆی زەبروزەنگ، هەڕەشە یان ترس مەحال یان جێگای مەترسی بێ، دایكان و منداڵەكانیان دەتوانن لە خانووەكانی ئاسایشدا بە شێوەی كاتی لەوێ بمێننەوە. دەكرێ لەگەڵ كارگێرانی خانووی ئاسایشدا بیر لە رێگاچارە بۆ كیشەكە و رێگای كۆتایی هێنان بە زەبروزەنگ بكرێتەوە. رێگاچارەكان داواكار خۆی بڕیاریان لەسەر دەدات. خانووەكانی ئاسایش و تەلەفونەكانی بەدرێژایی شەو ورۆژ كراوەیە. شارەوانی‌یەكانیش خانووی ئاسایش و قەیرانی‌یان هەیە.

### گرنگە كۆتایی بە زەبروزەنگ بهێنرێت

لە فنلاندا ولەمالیشەوە هەر زەبروزەنگێك وەك تاوانیك كە دەچێتە بەر دەستی مودەعی گشتی تەماشا دەكرێت. ئەمە بەو مانایەیە كە، شكایەت كردن بۆ زەبروزەنگیك كە لەماڵەوە ئەنجام دراوە هیچ پەیوەندی بە بڕیاری قوربانی‌یەكەوە نی‌یە. مودەعی گشتی تاوانەكە بۆ دادگا بەرز دەكاتەوە مەگەر ئەوەی قوربانی‌یەكە نارازی بێ بە دڵخوازی خۆی و رووداوەكەش زۆر توند وتیژ نەبێ.

زانیاری زیاتر لەسەر خانووی ئاسایش و هەر خانوویەك لە **دائیرەی سۆشیالەوە** بەدەست دێت. لە کاتی تەنگانە هەروەها لە ئێواران و کۆتایی هەفتەدا **پۆلیس** راوێژ دەدات.

## ئیغتیساب یان ئەتك کردن

بەگوێرەی یاسای فنلاندا ئیغتیساب تاوانە. هەروەها ئیغتیساب کردنی هاوسەری خۆ تاوانە. پێویستە قوربانی ئیغتیساب یەکسەر پەیوەندی بە پۆلیسەوە بگرێت و دەست بەجێ دوای تاوانەکە بچێتە لای دوکتۆر. ئیغتیساب کردن خەتای قوربانی‌یەکە نی‌یە و پێویست ناکات شەرم بکات. قوربانی ئیغتیساب دەتوانێت لە کاربەدەستانی شوێنی نیشتەجێکەی داوای پشتیوانی بکات سەبارەت بەو کێشانەی کە ئیغتیساب بۆی دروست دەکات. لە هلسینکی‌دا **بنکەی پشتیوانی ژن بۆ قەیرانی ئیغتیساب** هەیە کە خزمەتگوزاری بە هەموو فنلاندا دەدات.

## جیابوونەوە

زەواج رێکەوتنێکی دڵخوازانەیە، کە دەکرێت کۆتاییشی پێ بهێنرێت. ئەگەر ژیانی هاوبەش وای لێهات کە مەحاڵ بێت، ئەوە دەبێتە هۆیەك بۆ بیرکردنەوە لە جیابوونەوە. جیابوونەوە لە فنلاندا زۆر گشتی‌یە. داوای جیابوونەوە لە رێگەی فۆرمەوە بۆ **دادگای شوێنی نیشتەجێی** کەسەکە بەرزدەکرێتەوە. دادگا ناروانێتە هۆیەکانی جیابوونەوە وە ناشروانێتە پەیوەندی کەسی و تایبەتی نێوان هەردوو هاوسەرەکە. جیابوونەوە رەزامەندی لەسەر دەدرێت تەنانەت ئەگەر یەکیك لەو دوو هاوسەرە دژی جیابوونەوەکەش بێت.

## جیابوونەوە لە دادگا داوادەکرێت

**بەدیلی ١**

هـەردوو هاوسـەرەکە یـان یەکێکیان بە تەنیا فۆرمـیـداوای جیابوونەوە بۆ دادگا دەنێرێت

←

لـەم حاڵەتـەدا دەبـێ هاوسـەرەکان مـاوەی شـەش مـانگ چـاوەڕوانی بکـەن واتـە **کاتی بیرکردنەوە**

←

جـیابوونەوەکە دەکرێـت ڕەزامـەندی لەسـەر بکرێـت، ئەگـەر دوای شـەش مـانگ هـەردوو هاوسـەرەکە پـێکەوە داوابکەن یان یەکێکیان بەتەنیا دووبـارە بـە پـڕ کـردنەوەی فۆرمـێک بـۆ دادگـا داوای جیابوونەوە بکا.

**بەدیلی ٢**

هاوسـەرەکان لـەماوەی دوو ساڵی ڕابوردوودا بەجیا ژیاون

←

لـەم حاڵەتـەدا هـەردوو هاوسـەرەکە یـان یەکێکیان بە تەنـیا لـە دادگـا داوای جیابوونەوە دەکات

←

دەتوانرێ بڕیار لەسەر جیابوونەوە یەکسەر بدرێ

## دابەش کردنی دارایی لە جیابوونەوەدا

کاتێک کۆتایی بە ژیانی هاوبەش دەهێنرێت بڕیاری دابەش کردنی دارایی وسامان، کاروبارەکانی لەپەیوەند بە منداڵ، هـەروەها ئـەوەیش کـە کامـیان دەتوانێـت لـە ماڵەکـەدا بمێنێتەوە، دەدرێت. شـێوەی دابـەش کـردنی دارایی‌یـەکان پـەیوەندی بـەوەوە هەیـە کـە بەگوێـرەی یاسـای چ وولاتـێک دارایـی ژن ومـێردەکە تەماشـا دکرێـت (بـڕوانە لاپـەڕە ٥). ئەگەر بە گوێرەی یاسای فنلاندا تەماشا بکرێ ئەوا دوای جـیابوونەوە تـەواوی دارایـی ژن ومـێردەکە بەسـەریاندا دەکرێت بە دوو بەشی یەکسانەوە. ئەمە پـێی دەڵـێن **مـاف یاسـایی ژن ومـێرد**. ژن و مـێردەکە دەتوانـن پـێکەوە بەقسـەوباس کـردن بەپـێی ڕێکـەوتن نامـە دارایی‌یەکانـیان دابەش بکەن. ئەگەر لە دابەش کردنی دارایی‌دا بە ئەنجام نەگەیشتن، ئەوا دادگا دەتوانێ پارێزەرێک دیاری بکات کە کاروبارەکە بەئەنجام بگەیەنێ.

بەهـەرحاڵ دارایـی دوای جـیابوونەوە بەشـێوەی یەکسـان دابـەش ناکرێـت ئەگـەر ژن ومێردەکە پـێش زەواج کردنیان وەیـان لـەکاتی زەواجـیاندا **ڕێکـەوتن نامـەی مـەرجداری زەواجیان** بەستبێ. لە ڕێکەوتن نامەی مەرجداری زەواجدا ژن و پیاوەکە دەتوانن ڕێک بکەون سەبارەت بە دارایەکانیان یان بەسـەر بەشێکی تایبەتی لـە دارایی‌یەکـەدا کـە هیچیان مـاف یاسایی ژن ومێردیان بەسەردا ناسەپێ. بەم شێوەیە هاوسەرەکە لە دوای جیابوونەوە هەر ئەو بەشەی بەردەکەوێ کە لە ڕێکەوتن نامە مەرجدارەکەدا باسی لێ کراوە. ڕێکەوتن نامەی مەرجدار کاریگەریشی بەسەر دابەش کردنی دارایی‌دا دەبێ ئەگەر یەکێک لە هاوسەرەکان بمرێ.

ڕێکـەوتن نامـەی مـەرجدار دەبـێ نووسـرابێ. بۆ بەستنیشی پێویسـتە داوای یارمـەتی لـە **دائیرەی یارمـەتی کاروبـاری یاسایی گشتی** یان **پارێزەر** بکرێ. ڕێکەوتن نامەی مەرجدار دەبێ لە **دادگای** شوێنی ژیاندا قەید بکرێ.

## کاریگەری جیابوونەوە لەسەر ڕوخسەتی ئیقامە

کاتـێک جـیابوونەوەکە دەکرێـت، درێـژەدان یـان هەڵوەشـاندنەوەی ڕوخسـەتی ئـیقامەی کەسـەکە هەمیشـە بەپێی حاڵەتەکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. کۆتایی هێنان بە زەواج یـان پـەیوەندی ئـازاد دەتوانـێ کاریگـەری لەسـەر درێژەی ڕوخسـەتی ئیقامە هـەبێ تەنیا ئەگەر کۆچبەرەکە ڕوخسـەتی ئـیقامەی کـاتی هـەبێ کـە بـەهۆی پـەیوەندی خێزانی‌یەوە پێی درابێ. جیابوونەوە هیچ کاریگەری لەسەر ڕوخسـەتی ئـیقامەی هەمیشـەیی دانـانێ. ئەگـەر کەسـەکە زانـیای هەڵـەی دابـێ بـۆ وەرگـرتنی ڕوخسـەتی ئـیقامەی هەمیشـەیی بـەهۆی زەواج یـان پـەیوەندی ئـازادەوە، ئـەوا جیابوونەوە بەراستی دەتوانێ کاریگەری لەسەر ڕوخسەتی ئیقامەکە دابنێ.

دانی ڕوخسـەتی ئیقامە هەمیشە بەپێی لێکۆڵینەوە دەدرێ. کاربەدەستان هەموو بابەتـەکانی کە بۆ وەرگرتنی ئیقامەکە باس کراوە لەبەرچاو دەگرن. ئەوەش کاریگەری دەخاتە سەر بڕیارەکە کە کۆچبەرەکە زۆرتر پەیوەندی بەکوێوە قایمە، بە فنلاندەوە یـان بـە شـوێنی نیشـتەجێ بوونی پێشـوویەوە. هاوسـەری پێشـووی فـنلاندی نـاتوانێ دەسـتووری

هەڵوەشاندنەوەی روخسەتی ئیقامە بەسەر کاربەدەستاندا بدات. ئەگەر کەسەکە کە خەریکە جیاببیتەوە روخسەتی ئیقامەی کاتی هەبێت، بەگشتی پێویست بە ماوەی دوو ساڵ مانەوە لە فنلاندا دەکات تا بتوانرێت روخسەتی ئیقامەکەی بۆ تازە بکرێتەوە. ئەگەر کۆچبەرەکە دوو گیان بێت یان لە فنلاندا منداڵ، کار یان خوێندنی هەبێت، ئەو کات بۆ تازە کردنەوەی ئیقامەکەی دەکرێت لێی بکۆلرێتەوە، تەنانەت ئەگەر کەسەکە دوو ساڵ کەمتریش لە فنلاندا ژیابیت.

ئەگەر کەسەکە ماوەی دوو ساڵ لە فنلاندا ژیابیت ئیتر مەرج نىیە ئەو بابەتانەی سەرەوە پێویست بکات کاتێک زەواجەکە یان پەیوەندی‌یەکە بەهۆی زەبروزەنگی هاوسەرەکەیەوە کۆتایی پێ بێت. سەبارەت بە زەبروزەنگی هاوسەر دەبێ بەڵگە و روونکردنەوەی پێویست پیشانی کاربەدەستان بدرێت. روونکردنەوەکە دەکرێت بەلگەی دوکتۆر بێت لەسەر جێگاکانی زەبروزەنگی فیزیکی یان بەلگەی راوێژگای خێزان. کاتێک داوای روخسەتی ئیقامە دەکرێتەوە پێویستە کەسەکە روونکردنەوەی خۆی لەسەر بارودۆخی خۆی پاشکۆی داواکە بکات.

## جێگاو رێگای منداڵ لە کاتی جیابوونەوەدا

ئەرکی سەرپەرشت کەری منداڵ ئەوەیە بە خۆشگوزەرانی، پەروەردە وە گەشەی هاوسەنگی منداڵەکە وەڵام دەرەوە بێت. سەرپەرشت کردن بەومانایەیە کە سەرپەرشتکەر ماڧ ئەوەی هەیە کە ئاگاداری لە منداڵەکە بکات و هەر بریارێک پەیوەندی بەوەوە هەیە، بیدات. لە کاتی پێویستدا سەرپەرشتکەر نوێنەرایەتی منداڵەکە لە دادگا ولەلای کاربەدەستاندا دەکات. هەر سەرپەرشتکەر دەتوانێت ناوی منداڵەکە لە پاسپۆرتەکەیدا بنووسێت.

منداڵێک کە لە خێزانی رەسمی‌دا لەدایک دەبێت دایک وباوک هەردووکیان سەرپەرشت کەری منداڵەکەن. جیابوونەوەی دایک وباوک بۆ منداڵیش قورسە، ئەو ماڧ هەیە کە دوای جیابوونەوەش ئاگاداری و سەرپەرشت کردنی لەلایەن هەردوو دایکی وباوکی‌یەوە لێ بکرێت. لەکاتی جیابوونەوەدا زۆر جار هەوڵ دەدرێت کە **سەرپەرشت کردنی هاوبەشی** هەردووکیان پەسەند بکرێت.

ئەگەر بکرێت دایک وباوک لە دوای جیابوونەوە بۆخۆیان رێکەون لەسەر سەرپەرشت کردن و شوێنی نیشتەجێی منداڵەکە، ئەوا ئەم رێکەوتنە دەکرێت لە بنکەی سۆشیالی شارەوانی بۆنموونە لە **دائیرەی کاروباری خێزاندا** پەسەند بکرێ. ئەگەر دایک و باوکەکە بۆچوونیان لەسەری جیاواز بێت، ئەوا بریاری سەرپەرشتی‌کردن لە دادگادا دەدرێت. سوودی منداڵەکە و راپۆرتی کارگێرانی سۆشیال لەسەر هەل و مەرجی دایک وباوکەکە کاریگەری لەسەر بریاری دادگا دادەنێ. سەرپەرشت کردنی هاوبەش پێویستی بەوە هەیە کە دایک وباوکەکە توانایی هاوکاری‌یان هەبێت، سەرەڕای ئەوەی لە نێوان خۆیاندا ناکۆکیش هەبێت. ئەگەر مەرجەکانی سەرپەرشتی هاوبەش نەیەتە دی ئەوا دەکرێ هەڵوەشێنرێتەوە ویەکێکیان بکرێت بە **سەرپەرشتکەری تەنیا** بۆ منداڵەکە.

**لە کاتی جیابوونەوەدا لەسەر بابەتەکانی تایبەت بە منداڵ رێکەوتن دەکرێت**

بەدیلی ١

**سەرپەرشتی هاوبەشی منداڵ** (YHTEISHUOLTAJUUS)

لە سەرپەرشتی هاوبەشدا دایک وباوک منداڵەکە پەروەردە دەکەن و لەدوای جیابوونەوەدا لەسەر کاروباری منداڵەوە پێکەوە رێکدەکەون. لەباری عەمەلیەوە لە زۆر بابەتدا ئەوەیان بریار دەدات کە منداڵەکەی لەلادەژی. بەهەرحاڵ پێویستی بە رەزامەندی سەرپەرشتکەرەکەی تریان هەیە بۆ نموونە لەو بریارانەدا کە پەیوەندی بە

- گۆڕینی شوینی نیشتەجێی منداڵەکە (بەتایبەتی بۆ دەرەوەی وڵات)
- وەرگرتنی پاسپۆرتی فنلاندی
- کاروباری چارەسەری تەندروستی
- گۆڕینی ناو یان ئایین
- خوێندن
- بەکارهێنانی دارایی منداڵەکە

بەدیلی ٢

**سەرپەرشتی منداڵ بەتەنیا**
(YKSINHUOLTAJUUS)
چاودێری کەری منداڵ واتە یەکێک لەو دایک و باوکە بەتەنیا چاودێری منداڵەکە دەکات وە بەتەنیاش هەموو بریارێک لەبارەیەوە دەدات

## ماف بینین

بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە سەرپەرشتکردنی منداڵەکە لە جیابوونەوەدا هاوبەشە یان بەتەنیایە، منداڵ مافی ئەوەی **هەیە پەیوەندی نزیک و ئاسایش خۆی بە دایک وباوکی‌یەوە** بپارێزێت. دەبێت دایک وباوک پێکەوە ئاگاداری ئەوە بن کە منداڵەکەیان بەگوێرەی پێویست ئەوی تریان ببینێ کە لەلای ناژی. بینینی دایک یان باوک بۆ منداڵ گرنگە و مافی خۆیەتی، هاوسەری پێشوو ناتوانێ ئەم مافەی لێ زەوت بکات.

## نەفەقە (elatusapu)

هەردوو دایک وباوکی منداڵەکە ئەرکیانە کە بەخێوی بکەن. ئەگەر دایک وباوکەکە پێکەوە نەژین، منداڵەکە مافی خۆیەتی لەوی تریان کە لەگەڵی‌دا ناژی **یارمەتی نەفەقە** وەربگرێت. بڕی پارەی نەفەقەکە لەلای چاودێری منداڵ لەرێگەی رێکەوتن نامەوە یان لە رێگەی بڕیاری دادگاوە دادەنرێت. بڕی نەفەقەکە بەپێی بارودۆخی ئابووری ئەو دایکە یان باوکەکەیە کە ئەرکی دانی نەفەقەکەی لەسەر شانە. ئەگەر ئەو کەسەی ئەرکی دانی نەفەقەی لەسەرە نەتوانێ نەفەقەی دیاریکراو بدات، ئەو کات منداڵەکە مافی هەیە کە لە شارەوانی‌یەکەی **یارمەتی بەخێوکردن** (elatustuki) وەربگرێت.

زانیاری زیاتر سەبارەت بە جێگاورێگای منداڵ لەلایەن **چاودێران منداڵان و کاربەدەستانی سۆشیالەوە** بەدەست دێت

# زانیاری وناونیشانی کاربەدەستانی گرنگ

**دائیرەی نوێنەرایەتی یەکسانی**

(TASA-ARVOVALTUUTETUN TOIMISTO)

**نوێنەرایەتی یەکسانی دەتوانێت یارمەتی کەسانێك بدات کە هەڵاواردنیان لەبەرامبەردا کراوە بۆ پارێزگاری لە مافەکانی. دەتوانرێت داوای راپۆرتنامە لە نوێنەرایەتی یەکسانی بکرێت کە ئایا ئەو هەڵاواردنە بەگوێرەی جنس کراوە. ئەرکی نوێنەرایەتی یەکسانی بریتی‌یە لە:**

- **چاودێری بەڕێوەبردنی ئەو یاسایانەی کە پەیوەندی بە یەکسانی جنسی‌یەوە هەیە بەتایبەت بەڕێوەبردنی ئەو بڕیارانەی کە هەڵاواردن و ئاگاداری‌یەکانی جیاوازی کردن قەدەغە دەکەن**
- **بردنەپێشەوەی هەوڵ وتەقالا لە ڕێگەی راوێژ و ڕێنمایی‌یەوە بۆ جێ بەجێ‌کردنی ئامانجی ئەو یاسایانەی کە پەیوەندیان بە یەکسانی‌یەوە هەیە.**
- **دانی زانیاری سەبارەت بە یەکسانی و جێ‌بەجێ کردنی**
- **چاودێری جێ‌بەجێ بوونی یەکسانی لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا**

**دائیرەی نوێنەرایەتی یەکسانی**

**ناونیشانی پۆستی:** PL 33,
00023 VALTIONEUVOSTO
**ناونیشان بۆ سەردان:** Mikonkatu 2 D, 6 krs,
00100 HELSINKI
**تەلەفون:** (٠٩) ١٦٠ ٤٥٨٢

**پۆستی ئەلکترۆنی:** tasa-arvo@stm.vn.fi
www.tasa-arvo.fi

**دائیرەی بێگانە** (ULKOMAALAISVIRASTO)

- **بڕیار لەسەر ئەو شتانە دەدات کە پەیوەندی بە هاتن بۆ فنلاند، ژیان تێیدا و پەنابەری‌یەوە هەیە**
- **بڕیار لەسەر کاروباری ڕەگەزنامەی فنلاندی دەدات**
- **خزمەتگوزاری زانیاری‌دان بە کاربەدەستان و ڕێکخراوە نێونەتەوەیی‌یەکان دەدات**
- **تۆماری بێگانەکان دەکات**

**خزمەتگوزاریەکانی دائیرەی بێگانە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

**وەرگرتنی نووسراوە و بەڵگە:**

**لە دووشەممەوە تا هەینی سەعات ٨:٠٠–١٦:١٥**

**پرسینی زانیاری لەسەر داوانامەکان بە نامە یان بە تەلەفون.**

**تەلەفون کردن:**

**سێشەممە–پێنج شەممە بۆ ژمارە تەلەفونی (٠٩)٤٧٦٥٥٠٠**

**سەبارەت بە کاروباری کۆچکردوان لە سەعات ١٠–١١**

**سەبارەت بە کاروبارەی پەنابەران و داواکارانی پەنابەریتی لە سەعات ١٤–١٥، کاروباری ڕەگەزنامە سەعات ١٤–١٥**

**پرسیار سەبارەت گەیشتن و کارکردن لەسەر داوانامەکان لە دووشەممەوە تا هەینی سەعاتەکانی ٨:٠٠–١٦:١٥، بۆ ژمارە تەلەفونی ٠٣٠٠ ٤٤٣٠٠، نرخەکەی ٠،٠٨ ئێورۆ/دەقیقە+نرخی تۆڕی تەلەفونی مەحەلی.**

**دائیرەی بێگانە**

**ناونیشانی پۆستی:** PL 92, 00531 HELSINKI

**پۆستی ئەلکترۆنی:** ulkomaalaisvirasto@uvi.fi

**ماڵپەڕ :** www.uvi.fi

**دائیرەی نوێنەرایەتی کەمایەتی**

(VÄHEMMISTÖVALTUUTETUN TOIMISTO)

**ئامانجی دائیرەی نوێنەرایەتی کەمایەتی بەرگری کردنە لە هەڵاواردن بەپێی ڕەگەز، و پێکهێنانی پەیوەندی باش نێوان ڕەگەزە جۆراوجۆرەکان، پارێزگاری لە مافەکانی کەمایەتی‌یەکان و بێگانەکان و چاودێری لە جێ‌بەجێ‌بوونی بنەماکانی نەهێشتنی هەڵاواردن. ئەرکەکانی نوێنەرایەتی کەمایەتی بریتین لە:**

- **پەیگیری و باشترکردنی جێگاورێگا و مافەکانی بێگانەکان و کەمایەتی‌یەکان.**
- **راپۆرت دانەوەی جێ‌بەجێ‌بوونی یەکسانی وە هەروەها دەست پێشخەری لە وەلانانی هەر هەڵاواردن و جیاوازی‌یەك کە بەرچاودەکەوێت**
- **زانیاری دان لەسەر هەر جیاوازی‌یەك کە بەهۆی ڕەگەزەوە دەکرێت وە لەسەر ئەو یاسایانەی کە پەیوەندی بە جێگاورێگای بێگانە و کەمایەتی‌یەکان و بەڕێوەبردنیانەوە هەیە.**
- **جێ‌بەجێ‌کردنی ئەو ئەرکانەی کە بە نوێنەرایەتی بێگانە سپێراوە بەپێی یاسای بێگانە ژمارە (٣٧٨/١٩٩١)**

**دائیرەی نوێنەرایەتی کەمایەتی**

**ناونیشانی پۆستی:** PL 34,
00023 VALTIONEUVOSTO
**تەلەفون:** (٠٩) ١٦٠ ٠٦

**پۆستی ئەلکترۆنی:**
vahemmistovaltuutetun.toimisto@mol.fi
**ماڵپەڕ:** www.mol.fi/vahemmistovaltuutettu

# یەکسانی لە فنلاندا

## زانیاری بۆ ژنان و پیاوانی کۆچبەر

**نامیلکەکە زانیاری زیاتری تێدایە بۆ نموونە سەبارەت بەم بابەتانە:**

- **زەواج کردن**
- **پەروەردەی منداڵ و چوون بۆ قوتابخانە**
- **خوێندن لە فنلاندا**
- **داواکردنی کار**
- **گیروگرفت لە ژیانی خێزاندا**

Painettua esitettä on saatavana eri kielillä:

- suomi
- englanti
- venäjä
- kurdi
- vietnam
- somali
- takalogi
- thai

Myös muita kieliversioita löytyy osoitteesta **www.mol.fi/migration**

Esitteen tilaus:
Edita Prima Oy
prima.asiakaspalvelu@edita.fi
puh. 020 450 011